ژمارە ٨
کانونی یەکەمی ٢٠٠٧

# ژیانی رۆژانە یەکسانی و ئازادیی تێدانیە، ژیانی ماڵباتیش سەربەستیی تێدانیە

## نەورۆز جەرەند:



نەورۆز جەرەند ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان لەرۆژی ٢٥/١٠ لەیەکێ لەبارەگاکانی پەکەکە بەکاتێکی دیاریکراوی تورکی چاوەڕێی دەکردم کە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی لەگەڵی سازبدەم، لەو رۆژەدا مانگێك و دوو رۆژ مابوو تاوەکو یادی دامەزراندنی پارتەکەی بکاتەوە کە سی ساڵە دامەزراوەو بیست و سێ ساڵیشە شەڕی چەکدار دەکات. ئەو ژنێکی لەسەرخۆو هێمن و دەم نادەمێك جگەرەی دەکێشا و چای دەخواردەوە ویستم وێنەیەکی بکێشم، پێی ڕاگەیاندم کە حەزناکات جگەرەکەی دەربچێت، بەهەرحاڵ قسەکردن لەگەڵ گەریلا کچەکان هەڵدانەوەی لاپەرەی گەنجیەتی و ژیانی ژنە لەناو پەکەکەدا، هەر لەزووەوە چەندین پرسیاری لەناو کۆمەڵگای کوردی دروست کردووە. لەهەمان کاتیشدا چەندین رێپۆرتاژو چاوپێکەوتن لەسەر ژیانی گەریلا کچەکان کراوە، بەڵام وەڵامەکان زۆربەیان بەتەواوی نەگەیشتوون و یاخود کۆمەڵێك خەڵك هەیە دەیانەوێت زیاتر ئاشنایەتی لەسەر ئەم توێژەی ناو پەکەکە پەیدا بکەن و لەم چاوپێکەوتنەدا هەندێك لەنهێنییەکانی ژن وەك گەریلا لەناو پەکەکەدا دەخوێنیتەوە.



**دیمانە: محەمەد گەلاڵەیی**

***چەند ساڵە لەناو ریزەکانی پەکەکەدایت و پلەی خوێندن تا چ ئاستێکە؟**

_ شازدە ساڵە لە ناو رێکخستنەکانی پەکەکەدام و تەمەنم سی و سێ ساڵە. لەبەر فشاری دەوڵەتی تورکیا وازم لەخوێندن هێناو هاتم بوومە گەریلا.

★تۆ وەك كچە گەریلایەکی پەکەکە ژیانی ئێستاو رابردووی کۆمەڵایەتی کوردستانی تورکیا چۆن دەبینی؟

_دەمێکی زۆرە لەناو گەریلاکاندام، دەخوازم ئەوە بڵێم ئەو شتانە هاتوونەتە گۆران، هیچ شتێك نەهاتۆتە گۆران، لەبەرئەوەی لەباکووری کوردستان و بەگشتی دەوڵەتی تورك ژن بەپلە دوو ئەژمار دەکرێن، لەرووی ماف و ژیان و گرنگی زیاتر بەژنان نادرێت، لەگەڵێك شت بە پاشکەوتووی دەبینم، بەڵام ئەمە لە باکووری کوردستان بە دوو قات ژنی کورد بە پاشکەوتوو دەبینم، فشاری نەتەوەیی و ناسنامەی ژنایەتی لەسەریان هەیە، هەردوو ناسنامەکە قەبوڵ ناکرێن، ئاستەنگی ژیان بۆ ژنی کورد زیاد دەبن هەتا ئێستا.

***ئەوکاتەی تەڤلی ناو پەکەکە بوویت پەشیمان نەبوویتەوە، کاریگەری ماڵەوەت لەسەر دروست نەبوو، یاخود ماڵتان داوایان کرد بگەڕێیتەوە؟**

_من وەك تاکەکەس کولتوری پاشکەوتوو هەبوون و لەژیانی رۆژانەمدا کەرێگربوون لە زۆرشتدا. فشارێکی وام لەماڵەوە بۆ دروست نەبوو، رۆشنبیری و فکری من لەماڵدا زۆر پێشکەوتوو بوو، لەبەرئەوەی ژنێکی کەم دەیانخوێند لە باکووری کوردستان، ئەمەش دەرفەتی دروستکرد کەبێینە ناو پەکەکە، ئەمەش لەبەر فشاری ماڵەوە نەبوو، بەڵکو لەبەر دەوڵەتی تورك بوو، تا ئێستاش پەشیمان نەبوومەتەوە لە چییامەو دەتوانم بڵێم نیوەی تەمەنی خۆم لە چیا دەربازکرد، بەهەموو تەمەنی خۆم کە کەیف خۆش و هەستم بەشادی و دڵخۆشی کردبێت لەسەر چیاکان بووە، لەهەمانکاتیشدا ماڵەوە داوایان نەکرد بگەڕێمەوە، هەموو ماڵێکیش دەخوازێت منداڵەکانی خۆیان ببینن دوای ئەوەی دێنە ریزەکانی پەکەکە، بەڵام نەمتوانیووە بەشێوەیەکی فەرمی ماڵباتی خۆم ببینم لەبەرئەوەی کوردی باکوور ناتوانن بێنە ناوچەکانی پەکەکەو خەبات و تێکۆشینی ئێمە ئەوەییە کە دەبێ هەندێکمان لەچیادابین.

***تا ئێستا چەند جار ماڵی ئێوە سەردانی تۆیان کردووە لەماوەی ئەو شانزە ساڵەدا؟**

_هیچ!

***ئەی پەیوەندیت هەبووە بەنامە یاخود بەشێوەی تر؟**

_نەخێر.

★زۆر لەگەریلاکانی پەکەکە یاخود سەرکردە سیاسی و عەسکەرییەکانی چەند ئەندامێکی ماڵەوەیان لەناو پەکەکەدا هەیە تۆش خوشك برات لەناو پەکەکەدان؟

_ من لەماڵەوە خوشکی گەورە بووم و گەورەی ماڵیش بووم، تەنیا یەك خوشك وبرام هەیە گەنجن و خەریکە خوێندنن، بەڵام کورەمام و کچە مام زۆریان لەناو پەکەکەدان بەژمارەییەکی زۆر.

***ئەگەر پەکەکە وازای لەشەڕی چەکداری هێنا، حەز ئەکەییت بگەڕێیتەوە کوردستانی تورکیا؟**

_ئامانجی ئێمە ئەوەنییە بچینەوە ماڵ، هەتا کورد نەگاتە مافی خۆیی، تاهەموو کەس بەسەر بڵندی ناسنامەی خۆیی دەرنەبرێت چوونەوە بۆ ماڵی خۆمان نییە! ئێمە تەنیا بۆ باکور شەڕ ناکەین بۆ باشوورو رۆژهەڵات و رۆژئاوا شەر دەکەین، گەلێك شاری باشووری کوردستانم بینیوە وەك رواندز و شەقلاوە وەك بەهەشت وان، مەسەلە ئەوەنییەو جیاوازی ناکەین ئەم کوردستانەی عێراق وڵاتی ئێمە نیە.

***ئەو جیاوازیانە چین لە نێوان گەریلای کچ و کوردا بەتایەتی لەهەڵسوکەوتی رۆژانەدا؟**

_ئەوکاتەی پەکەکە دروست بوو، ژن بەژمارەیەکی کەم هەبوو. مانای ئەوە نییە لە ناو پەکەکەدا بیرو رای پاشکەوتوو هەبووبن، هاتنی ژن بۆ ناو پەکەکە هەڵسەنگاندنی خۆمان هەبوو، رەوشتی ئێمە وایە هیچ رێکخستنێکی پەکەکە بەدەرنییە لە رەگەزی ژن، گەلێك جار پێشەنگ بووە، لەرووی سەربازی و سیاسی و رۆشنبیریدا. ئەگەر جیاوازییەك هەبێت لەناو ئێمەدا ئەوە



## هەندێ جار دەڵێن ژن خوێنی کەمە، نەخۆشییەکانی لەهی پیاو زۆرترن، پیاو دەستەڵاتدار دەکەن، پرسی ژن سیاسییە، ئەو بە بچووك دیتنەی ژن لەڕووی بایۆلۆژییەوە دروست نییە، لەبەرئەوەی گەریلایەکی زۆری ژن هەیە

نییە پیاو زێدەتر مافی قسەکردنی هەبێت نەخێر وانییە لەهەر ڕێکخستنێکی پەکەکەدا دەبێ سەرکردایەتیەکەی ٤٠٪ ژن بێت یان ٤٠٪ پیاو بێت بۆ نموونە ڕێکخستن هەیە لە ١٩ کەس پێکدێت نابێت یەك ژنی تێدابێت، بەلای کەم هەشت نۆ ژنی تێدابێ هەندێك پێوانە هەن، بەڵام جیاوازیش هەیە لەڕووی جەستەیی ژن‌و پیاوو بەتایبەتی لایەنەکانی ژن‌و کارە بایۆلۆژییەکانی.

***باشە ئەو کارە بایۆلۆژی‌و جەستەیەکانی ژن هەندێ جار نابێتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانتاندا، بەتایبەتی لەبەرەکانی شەڕدا؟**

_دەتوانم بڵێم ژن وەك مەسەلەیەکی بایۆلۆژی سەیر ناکەم‌و هەندێ جار دەڵێن ژن خوێنی کەمە، نەخۆشییەکانی لەهی پیاو زۆرترن، پیاو دەستەڵاتدار دەکەن، پرسی ژن سیاسیەو لێکچواندانێکی هەیە، ئەو بە بچووك دیتنەی ژن لەڕووی بایۆلۆژییەوە دروست نییە، لەبەرئەوەی گەریلایەکی زۆری ژن هەیە، ١٧٪ ڕۆژنامەوانی دونیا ژنن، ٧٪ سیاسیمەتدارانی دونیا ژنان لە ناو پەکەکەدا سەدا پەنجای ژن‌و پیاوە، لەوانەیە هەڤاڵێکی پیاو بتوانێت شتێکی پەنجا کیلۆیی هەڵبگرێت، بەڵام ژنە گەریلایەك ناتوانێت ئەمە بکات، هەندێ جاریش گەریلای ژن لەخۆی زیاتر ڕۆڵێکی گەورەی بینووە.

***ئەوکاتەی هاتییە ناو پەکەکە چ ڕایەکت هەبوو لەسەر مەسەلەی هاوسەرگیری؟**

_زۆربەی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە لەسەر پەکەکە دەکەن، زیاتر بیروراکانیان لەسەر مەسەلەی هاوسەرگیری لە ناو پەکەکەدا دەردەبڕن، هەر کەس چۆن تەماشا دەکات بیروڕایەك هەیە کە بێ زەواج ژیان بەردەوام نابێت، ئێمە نالێن هەموو دنیا وەك ئێمە ژیان بکات دروستە ڕەخنەمان لەسەر زەواج هەیە، کە دەڵێن کۆمەڵگایەکی نوێ چاك بکەین و پێشەنگ بێت ڕەخنەی ئێمە ئەوەیە زەواج چییە؟ماڵباتی ناو کۆمەڵگای ئێمە چۆنە؟ ژن‌و پیاوێك دێن حەوت هەشت منداڵ دەنێنینەوە، ئەگەر کوری گەورەشیان هەبێت ئەویش دەستەڵاتدارەو یانیش دەستەڵات هەمووی لەدەستی پیاودایە، ماڵباتی حازر هەیە ناتوانێت قسە بکات ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت پیاو بریارێك دەردەکات ژن لەسەر ئەو بریارە دەڕوات ژیانی ڕۆژانە یەکسانی‌و ئازادی تێدانییەو ژیانی ماڵباتیش سەربەستی تێدانییە.

*** ئەو ماڵباتەی ئێوە قسەو پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن بەڕای جەنابتان دروست دەبێت؟**

_ سی ساڵە تێکۆشان دەکەین، سی ساڵە لەناو پەکەکەدا زەواج نییە، بەڵام پەکەکە لە سفرەوە دەستی پێکردووەو شتی مەزنی چێکردووە، پەکەکە بێ زەواج بووە پەکەکەو ئێمە ئێستا لەناو کوڕو کچان‌و بەگشتی ماڵبتمان هەیە وەك کاری خەبات نەك زەواج.

*** باشە لەناو ژنە گەریلاکاندا باسی هاوسەرگیری دەکەن؟**

_ ماڵباتی حاڵی حازر ڕەخنە دەکەین، ناتوانین زەواج هەبێت‌و نەبێت، وەرە بارودۆخی ئێمە بزانەو بۆ دە ڕۆژ لەگەڵ ئێمە ژیان ببە سەر بزانە لەچ حاڵەتێکداین‌و تاقەتی ئەوەمان نییە باسی هاوسەرگیری هەربکەین.

***بەڵام پەنجەکانی دەست وەك یەك نین و لەوانەیە هەڤاڵی ژن هەبووبێت داوای زەواجی کردبێت‌و دواتریش تووشی سزابێتەوە؟**

_ لەناو پەکەکەدا هەر ژنێك داوای زەواجی کردبێت‌و ڕۆیشتبێت چەکی لەسەر سەری دانەنراوە کەنابێت بچێت‌و شتی وانەبووە، یەکێك ویستویەتی ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت ئەوا لەناو ڕێکخستن چووە، لەبەرئەوەی لەناو پەکەکەدا هەموو شتێك سەد لەسەد نییە، تۆ دەبێ هەر بۆشتێك‌و بۆ ئەو ژیانە بیت‌و کەسێك ناتوانێت لەناو ئەو شاخ‌و داخەدا ژیانی هاوسەرگیری پێك بهێنێت‌و بیست‌و چوار سەعاتتش لەناو ڕێکخستنی پەکەکەدا بێت، بارودۆخی ئێمە واناخوازێت هەتا یاریدەدریش نییە، ئەو کەسانەی ویستیان هاوسەرگیری لەناوپەکەکەدا دروست بکەن نەمانەوەو ڕۆیشتن.



***گەریلای کوروکچ لەسەر پەیوەندی سێکسی سزادراون؟**

ـ لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا پەیوەندی جۆراوجۆر دروست دەبن، ئەوکەسانەی لە ناو پەکەکەدان ١٠٠٪ هەمووی فریشتە نیینە! هەرکەس لەرووی ئیرادەوە وەك یەك نینە، ئەمما کەسێك فەلسەفەی پەکەکەی قەبوڵ نەکرد، دژبەری دروست کرد، بەڵام یەك دوو رووداوی لەو شێوەییە دروست بووینە، بەڵام پەکەکە ناتوانێت شرۆڤە بکات وئەگەر لەناو پەکەکەشدا بەرێژەیەکی زۆر کاری لەو جۆرەی بکرایە ئەوا پەکەکە سی ساڵە دەوامی نەدەکرد، ئینسان لەناو ئێمەدا هەیە(٢٥،٢٠، ١٥) ساڵە خەبات دەکات، ئەوانەی ویستویانە هاوسەرگیری هەبێت لەناو پەکەکەدا ژمارەییەکی کەم بووینە.

*** بەڵام ئەوانەی ویستویانە هاوسەرگیری بکەن لەناوپەکەکەدا سزا دراون؟**

ـ سزا نەبووە، بەڵام جارێکی تر خراونەتەوە بەر پەروەردەی حزب.

***ئەو هەڤاڵانەی ژن کە بە مردووی دەکەونە بەردەستی سوپای تورکیا، زۆرجار سوکایەتیان پێدەکرێت، هەڵوێستت چییە لەم بارەییەوە؟**

ـ ئەگەر گەریلایەکی کچ شەهید بێت دەخوازێت نەکەوێتە ژێر دەستی سوپای تورك، چونکە بینیومانە چۆن بەسەریان هێناوین تەرمی ئەوانەی سوکایەتیان پێکراوە بەچاوی خۆمان دیوە، هیچ پێوەری ئەخلاقی و ئینسانی و حقوقی نابینین و نەك هەر هی کچە گەریلاکان، بەڵکو تەرمی هەموو گەریلاکان سوکایەتیان پێدەکرێت، لەسەر لێکردنەوە بگرە تا سووتاندن.



***بەژمارە شەهیدی گەریلا کچەکان چەندە؟**

ـ ژمارەییەکی فەرمیمان نییە، لەبەرئەوەی تەکنیك بەوشێوەییەی ئێستا پێشنەکەوتبوو، هەموو هەواڵ و شەهیدبوونەکان وەربگرین و تۆماریان بکەین.

***خۆشوشتنی کچانی گەریلا لەناو شاخەکاندا چۆن بەرێوە دەچێت؟**

ـ ئەو کەسانە لە چیا کاردەکەن ئەمانەش مرۆڤن، بەم شێوەییە نییە وەك لەدەرەوەی پەکەکەدا باسی ئەو شتانە دەکرێت، چونکە من نیوەی ئەو گوندانەی کوردستان گەڕاوم کچانی ئێمە لەزۆرێکیان پاك و خاوێنترن، هەموو گەریلایەکی کچ لەرووی خۆششتنەوە تەحەمولی هەموو شتێك دەکات و زۆر بارگرانی دیووە. گەریلا بیر لەخۆشوشتن ناکەنەوە.

***ئەی قسەو قسەلۆکی ناو کچە گەریلاکان چۆنە؟**

ـقسەی خراپ و کاری نەباش لە فەلسەفەی پەکەکەدا بەدەردەوویە.

***لەپەروەردەی حزبی و عەسکەری گەریلای کچ یا کور زیرەکترن؟**

ـ(بەپێکەنینەوە) لەناو پەکەکەدا پیاو و ژنی سەرکەوتوو دەست نیشان ناکرێت، تەنیا ژنێك لەباری فەلسەفە و سیاسیەت و عەسکەری بەدیار دەکەوێت، ئەمەش وا دەکات کارو خەباتی ئەوان چاك بوویە، یان هەڤاڵێن پیاویش کاری باشی کردووە، ئەگەر گەریلایەکی ژن کارێکی چاکی کردبێت ویستومانە پیاوەکانیش لاسایی بکەنەوەو بەپێچەوانەشەوە، هەتا هەندێ گەریلای ژن فەرماندەی شەرەکانیان کردووە.

***خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامەو گۆڤار لەناو ژنە گەریلاکان چۆن بەرێوە دەچێت؟**

ـ پەکەکە ژیانی خۆی لەسەر پەروەردە چێکردووە، لەبەرئەوەی ژن لەسەر مەسەلەی گشتی لە پیاو جوداکردەوە، لەپەروەردەش جیامان کردنەوە، کچە گەریلاکانیش زۆرتر ئەو کتێبانە دەخوێننەوە کە لەسەر پرسەکانی ژن و فەلسەفەی پەکەکەو سەرۆکایەتی دەنوسرێن.

***بۆچی زیاتر گەریلا ژنەکان خۆیان دەسوتێنن، لەناو پەکەکەدا ئەمە درێژکراوەی دابێکی ناو کۆمەڵگای کوردی نییە؟**

ـخۆسوتاند بەژمارەیەکی زۆر دروست نەبووینە لەناو پەکەکەدا، کاتێك رێژەکەی زۆر بووە بەتایبەتی ئەو کۆمپلۆییەی لەسەر سەرۆکایەتی پەکەکە بەرێوە چوو، ئەوکاتەی هەڤاڵێن ژن لە زیندان خۆیان دەسوتاند، لەبەرئەوەی لەدەستی ئەواندا چەك نەبوو، ئەمەش قارەمانییەکی مەزنە، بەڵام خۆسووتاندن بەردەوام نەبووەو نییە، خۆسوتاندن لەبەر ئاستەنگی ژیان نەبووە لەناو پەکەکەدا وەك هەندێ کەس ئاوا تەماشای دەکەن.

***کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە لە ئێستا و رابردوودا رێژەییەکی زۆر لە پاسەوانەکانی ژن بووینە، هەتا ئەوکاتانەی بارەگاکەی لە سوریا بوو ئەو تایبەتمەندییە چیە لەلای ئێوەدا؟**

- شتێکی وانییە چ جارێك ئاپۆ ژنی وەك پاسەوانی خۆی و بارەگاکانی بەرکانەهێناوە، لەگەڵ خۆی نەگەڕاندووە، هەروەها پاراستنی مەکتەبەکانی پەکەکە لە سوریاو لوبنان ژن نەبووینە، هەتا ژن خواردنی تێیدا ئامادە نەدەکرد، لەبەر سەرۆکایەتی لە خزمەت وەستابوون، ئەو کاتەی ئاپۆ دەستبەسەرکرا، دوو ژنی لەگەڵدابوون ئەوانیش بۆکاری دیبلۆماسی نەك پاسەوانی بکەن و یەکێکیاشیان لە ئەورپاو ئەویدکەشیان لە یۆنان لەگەڵ ئاپۆ کەوتبوون.زەمانیان دەزانی و پاسەوانی بەردەوامی ئاپۆ ژن نەبووینە.

***لە ناوگەریلاکاندا بەتایبەتی ئەگەر ژن و پیاو بەیەکەوە بن لەبارەگایەکدا کامەیان نان و خواردن ئامادە دەکات.؟**

- ئەمڕۆ من میوانم لەو بارەگایەدا گەریلاکانی پیاو نانیان ئامادە کرد، لەناو ئێمەدا ئەوەنییە دەبێ ژن نان ئامادە بکات یاخود تەنیا پیاو، بەپێی پێویست و لەسەر کاری هاوبەش نان و خواردن ئامادە دەکەین، چونکە هیچ جیاوازییەکی کارکردن لەو گەریلاکاندا نییە.

*** ئەو کاتەی پەکەکە بارەگای هەبوو لە ناو شارەکانی باشووری کوردستان، لەرێگای کچەوە هەندێ گەنج و لاوتان هەڵدەخەڵەتاند ئەمە چۆن دەبینی؟**

- ووتنی ئەم شتانە بەرامبەر بە پەکەکە هەڤارەتن و گوناهن، لەئەنجامی دروستبوونی پەکەکە زۆرشتی گەورەی لەسەر کراوە، حەساب بۆ ئەو قسانە ناکەین لەسەر ئەساسی هەڵخەڵەتاند گەنج هاتبێتە ناو پەکەکە وەڵامی ئەمانە نادەینەوە.